# دەست درێژی سێکسی بۆ سەر مندالان لە  مەغریب

ئامادە کردن و وەرگێران

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.co.uk

نەجییە عبید، شۆکیک ڕایچەڵەکاند کاتێک کە بۆی دەرکەوت، کوڕە تەمەن چوار ساڵەکەی "ئەیوب" بوەتە یەکێک لە قوربانیانی ئیغتساب و چەندین جار دەست درێژی سێکسی کراوەتە سەری لەو  باخچە ساوایەیی کە ڕۆژانە  بۆی دەچی...

کاریگەری ئەم شۆکە وەکو چەغماغەیەک وابو بۆی، تا لە بەرئەنجامی ئەو کارەدا کۆرپەکەی کەلە سکی دا بوو لە دەستی دا، بەڵام ملکەچی ئەو فشارە بێ دەنگییە نەبوو کە کۆمەڵگا فەرزی کردوە لە هەڵ و مەرجیکی وادا کە نابیت قسەی لەسەر بکریت، بیری کردەوە کە کۆمەلەیەک دابمەزرێنێ کە یەکەمە لە جۆری لە و ولاتە بۆ بەرگری کردن لەو منالانەی کە دەبنە قوربانی دەست درێژی سێکسی.

نەجییە دەڵێت دەمەویت لە ریگەی ئەم کۆمەلەیەوە شتە بێ دەنگەکان نیشانی کۆمەڵگا بدەین و پییان راگەیەینین کە بێ دەنگی و چاو پۆشی کردن لەم جۆرە شتانە وا لە مەسەلەکان دەکا کە ئەم دیاردە قیزەونانە زیاتر گەورە ببنەوە و پەرە  پسێنین و دواتریش زەرەرەکانی گەورەتر دەبنەوە لە سەر گۆمەلگا.

نجەییەی تەمەن(39 ساڵ) بە غەمبارییەک و خەفتیکەوە باسی ئەو دەست درێژی سێکسیەیی دەکرد کە پاسەوانی باخچەکە ئەنجامی دابوو لە گەڵ کوڕەکەیدا، ئەم کارە لە مارسی سالی 2003 ڕوی دا  کاتێک منالەکەی دەگەریتەوە بۆ ماڵ دواتر دوا لە دایکی  دەکا کە پاکی بکاتەوە دەبینیت هەموو گیانی منالەکە و جلەکانی بە تۆمەوەیە.

دوای دوو دڵییەک و ترسیکی زۆرەوە مندالەکە دانی بەو کارە نا کە چۆن پاسەوانی باخچەکە دەست درێژی دەکاتە سەری وە بە شێوەیەکی بەردەوام.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی تۆمی پاسەوانەکە لە تاقیگە و جوت بوونی لەگەڵ ئەو تۆمە کە لەسەر جلی منالەکەدا هەبوو لە مانگی ئایاری رابوردودا درا بە دادگا  و حوکمی دوو ساڵ زیندانی درا لەگەڵ سزایەکی مالی نزیکەی دە هەزار درهەمی مغربی کە دەکاتە نزیکەی هەزار دولاری ئەمەریکی بە بێ داسەپاندی هیچ سزایەک لەسەر ئەو دەزگایە کە ببوە مەیدانی  ئەو دەست درێژیانە لە سەر ئەیوب و چەندین منالی تریش بە پێی ئەو قسانەی کە تاونبار لە بەرامبەر دادگادا  وتبووی و ڕۆژنامەکانی  مغریب بلاویان کردەوە..

سزای تاونبار بەو شیوەیە بۆ بە جیگای ڕەخنە لە لایەن رای گشتی وەلاتی مەغریب و زۆربەی ڕۆژنامەکان ئەم سزایەیان بە نا ئینسافی لە قەلەم دا و دایکی ئەیوب لەسەر ئەو سزایە وتی" ئەم جۆرە سزادانە دەبێتە هاندەر بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە دونیادا ئەو کارە دەکەن بێنە مەغریب بۆ ئەنجام دانی کارەکانیان بۆ چیژ وەرگرتن لە هەل ومەرجیکی وا

سوک ئاسان، ئەمە سەرەرای دان پێدانانی تاونبار لە سەر هەموو تاوانەکانی لە بەرامبەر دادگادا لەسەر ئەو کارانەی کە دراوەتە پاڵی و بە پێ ی تاکیداتی شیکردنەوەی ترشی دی ئین ئەی یەکەی تاونبار.

شایەنی باسە لە حوزیەرانی 1993دا وەلاتی مەغریب ئیمزای ریکەوتننامەی نەتەوە یکگرتوکانی کردوە سەبارەت بە مافی منالان. لە سالی 1995 دا ناوەندیک دامەزراوە لە ژێر ناوی چاودێری نیشتیمانی بۆ مافەکانی منالآن بۆ جی بەجی و پراکتیزەکردنی و ئەو ریکەوتننامەیە لە پاش دەرچونی فەرمانی مەلیکی حەسەنی دووەم مەلیکی مەغریب.

بە پی دواترین ئاماری ئەو ناوەندە سەبارەت بە شەش مانگی یەکەمی ئەم سالەوە رێژەی 61.95 ئەو شکاتنامانەی کە رەوانە کراوە بۆیان زۆربەیان سەبارەت بە دەست درێژی سیکسیە.

رێژەی لە 77% دەست درێژیکان بۆ سەر نێرینەیە وە لە 94% ئەم دەست درێژی بۆ سەر مێینە یە.

ئەو ئاڵ و گۆرانەی کە کراوە تایبەت بە یاساکانی مافی مندال هەولێکە بۆ گونجاندنی یاسای مەغریب لەگەڵ رێکەوتننامەی مافی منالانی جیهانی دا..

ئەم ئاڵ وگۆڕانەش پەیوەندیان هەیە بە یاسای سزادان دژ بە ئەو ئەفراد و باندانەی کە سەرچاوەی ئەم کارەن وەکو تاوانی مونەزم لە شێوەی کاری جنائیدا تەماشا دەکری. شەوقی بنیوبی پاریزەر و مافناسی مەغربی ویەکیک لە ئەندامانی ئەو ناوەندە دەلێت "مەغریب توانی لە ریگەی ئەم یاساوە گونجاندیکی پێشکەتوو بە دەست بینی لە گەڵ ریکەوتننامە دەولەتیکان بۆ مافەکانی منالآن و وەلآم گۆ بێت بۆ پەسندکراوەکانی کۆمیتەی مافەکانی منالآن وەک میکانیزمیک لە میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەگەل ئەوەیشدا هێشتا ڕێکخەرە یاسایەکان پێویستیان بە دەستکاری وردتر هەیە کە هاوکات لەگەل ئەم جۆرە یاسایانەدا گونجاندی تەواوی هەبیت. ئەو دەستکارییانەی کە شەوقی بە نەزەری دەگا ئەوەیە کە دەبێت دەست بەرین بۆ دروست کردنی تیمیکی تایبەت سەبارەت بە بابەتی دەستدرێژی سێکسی لە سەر ئاستی بۆلیسی قەزائی هەروەها دانانی دادوەرانێکی تایبەت لە سەر ئاستی نیابەی گشتی و دادگا و هەولدان بۆ پێشخستنی میکانیزمی بشکنینی بزیشکی و دەرونی بە بەبایخدانێکی تایبەتیەوە. لە درێژەی قسەکانیدا دەلێت چۆن دەزگایی ئاسایش و پولیسی قەزایی ئیمە توانییان تۆرە تیروریستیکان تێک بدەن ئاوهایش دەتوانین تۆرەکانی دەست دریژی سێکسی لە ناو بەرین.

سەرچاوە: سایتی "البوابة"